هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

# ڕۆژی گەل
Rojî Gel

ژمارە (٢٠٨) یەکشەممە ١١-٥-٢٠٠٨


## داگیرکار سیاسەتی دەستدرێژیکردن پیڕۆ دەکات

ڕۆژنامەی تایمز دەڵێ: بەریتانیەکان لە باڵویزخانەکەیان دا لەبەغداد بەزۆر دەستدرێژی سێکسیان لە ژنی عێراقی کردووە، ئەمەش سیاسەتێکی بەرنامە دارێژراوە.

تایمز دەڵێ بەڵیندەرە بەریتانیەکە هەوڵی تامیکردنی ژنە پاککەرەوەکانی داوەو بەڵێنی ئەوەی پێداون کە دوو بەرابەری مووچەکەیان پارەیان پێبدات تا سکێسیان لەگەڵدا بکات، ئەمەش لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی رەت دەکرێتەوەو ریسوا دەکرێ.



ل3 پژاک هەڕەشەی خۆتەقاندنەوە دەکات



ل5 کێ باجی ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران دەدات



ل6 هونەرمەند کە توانای نەما، رابوەستێ باشترە



ل7 هەڵوێستی ٥٣ نەفەرو چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک

# وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، بەبیانۆی ئێرانیبوون

# ژمارەیەک فێرخوازی کوردی فەیلی لەخوێندن بێبەش دەکات

وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق لە بڕیارێکدا بەبیانۆی ئێرانی بوون ژمارەیەک فێرخوازی کوردی فەیلی لە زانکۆکانی عێراق وەدەرناوەو ڕێگەی نەداون لە تاقیکردنەوەکاندا بەشداری بکەن.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی عێراقی لەژێر پاساوی ئەوەی کە ئەو فێرخوازانە لەبنەڕەتدا خەڵکی ئێرانن ژمارەیەک فێرخوازی کوردی فەیلی لە زانکۆکانی وڵاتەکەی لە خوێندن بێبەش کردووە، ئەمەش درێژە پێدەری ئەو سیاسەتەیە کە پێشتر ڕژێمی بەعس بەو بیانۆیەوە دەستی بەسەر موڵک و سامانی کوردە فەیلیەکان داگرت و هەزاران خێزانیشی ڕەوانەی ئێران کرد، هەروەها بەهەزاران گەنج و لاوی کوردی فەیلیشی دەستگیرکرد، ڕەوانەی زیندانی کردن و دواتریش ئەنفالی کردن و ئێستاش چارەنووسیان دیارنیە.

ئەو فێرخوازانەی کە بەبڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرکراون، هەموویان ڕەگەزنامەو پێناسەی عێراقیان هەیە، بەڵام وەزارەتی ناوبراو پشتی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران بەستووە کە لە ٨-٩-٢٠٠٤ دەرچووەو کوردانی فەیلی بە بیانی و ئێرانی داناوە.

لەپێوەند بەم کێشەیە ژمارەیەک چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ و چالاکڤانانی کوردانی فەیلی یاداشتنامەیەکیان بۆ هەر سێ سەرۆکایەتی "کۆماری عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نیشتمانی" ڕەوانە کردووەو داوایان لێکردوون کە بەزووترین کات بڕیاری پێویست وەربگرن و کێشەکە یەکلایی بکەنەوەو ماف بۆ مافخوار بگێڕنەوە.

ڕەفتارکردن لەگەڵ کوردانی فەیلی لە دوای پرۆسەی بەناو ئازادکردنی عێراق نەک هەر ئاوارتەو جێگەی پرسیارە، بەڵکو تاوانێکی کەمویێنەیەو درێژەی پێدەدرێ، چاودێران پێیانوایە کە دەبێ بەزویی کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە، دەنا حکومەتی عێراق ڕووبەڕوی گەورەترین کێشە دەبێتەوە.

## دەستتێوەردانی تورک زیادی کردوە، خەڵک

## چاوەڕوانی هەڵوێستی حکومەتی هەرێم دەکەن

دوای ئەوەی هەواڵ کوژرانی دوو راوچی دەڤەری زاخۆ بە دەستی هێزەکانی تورک بڵاوبۆوە و ئاشکرابوو کە دوو راوچی دانیشتووی شاری زاخۆ بۆ راوکردن چوونەتە ناوچەی سندی و سەربازەکانی تورک دەستریژیان لێکردوون و شەهیدیان کردوون، دواتریش تەرمی ئەو دوو کەسەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ناو سنووری تورکیا بردۆتەوەو ئامادەش نین تەرمەکان رادەستی بنەماڵەکانیان بکەنەوە، خەڵکی کوردستان بە پێویستی دەزانن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان راشکاوانە هەڵوێست وەربگرێ و ئەو تاوان و دەستتێوەردانە ریسواو مەحکوم بکات.

لەلایەکی دیەکشەوە وەک ئاشکرایە ماوەی چەند مانگێکە سوپای تورکیا بێباکانە گوندو ئاواییەکانی باشووری کوردستان بەبیانۆی هەبوونی بنکەو بارەگای گەریلاکانی پەکەکە بۆردومان دەکات، بەوهۆیەوە زیانی زۆری بەخەڵکی ناوچەکە گەیاندووە، لەم پێوەندەشدا وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو بۆردومان و تۆپبارانەی ئیدانە کردووە، بەڵام لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی وکردستان بە ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتی ڕاگەیاندووە کە تا ئێستا چالاکیەکانی سوپای تورکیا تەنیا لەنێو سنووری خۆی بووەو بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان نەپەڕیەوەتەوە!

ئەم لێدوانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەکاتێکدا دێ کە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن لەماوەکانی رابردوودا باسیان لە تۆپبارانکردنی ئەو گوندانە کرد و ڕایانگەیاند بەو هۆیەوە چەند کەسێک کوژراوو بریندار بوونەو چەند پردێکیش رووخاون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سوپای تورکیا چالاکیەکانی خۆی لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بەرێوەدەبات، ئەمەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە هەڵوێست بنوێنێ و رای گشتی و وڵاتانی جیهانی لێ ئاگادار بکاتەوە، نەک ئەو راستیانە لەرای گشتی بشارێتەوە.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە گەمارۆی ڕاگەیاندنی بە زیانی بەرژەوەندەکانی کوردستان تەواو دەبێ، دەبێ کۆتا بکرێ.

## ئەمریکا و ئێران یەکتر تۆمەتبار دەکەن

دوای ئەوەی حکومەتی تاران هەریەکە لە بەریتانیاو ئەمریکای بە تەقینەوەکانی شیراز تۆمەتبار کردو ڕایگەیاند کە شوێنپەنجەی ئەوان لە تەقینەوەکاندا دەرکەوتووە، ئەوان ئەو تۆمەتەیان ڕەتکردەوە، دواتریش لەکاتی گرژبوونەوەی ڕەوشی لبنان، ئەمریکا جارێکی دیکە تارانی بەوە تۆمەتبارکرد کە هاودەستی حزبوڵڵا دەکات و دەستی لە ئاژاوەکاندا هەیە، بەهۆیەوە لە تاران و دیموشقی خواست کە واز لە لبنان بهێنن، کەچی حکومەتی تاران دەستتێوەردان و گوشاری ئەمریکاو ئیسرائیلی بەسەرچاوەی گرژیەکانی ئەم دواییەی لبنان تۆمەتبار کرد.

محەمەد عەلی حوسێنی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران داخباری خۆی بۆ ڕەوشی لبنان دەربڕی و ڕایگەیاند کە هەوڵەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ دەستتێوەردان ئەو ڕەوشەی دروست کردووەو ئەوان لێی بەپرسیارن!

## سوپای ئەمریکاو سوپای مەهدی درێژە بەشەڕ دەدەن

بەگوێرەی سەرچاوەکانی سوپای ئەمریکا لەشەڕی هەردوو ڕۆژی دوێنێ و پێرێ کە لەنێوان سوپای مەهدی و هێزەکانی ئەمریکا لە مەدینە سەدری شاری بەغداد بەردەوام بووە، زیاتر لە ٢٢ کەس کوژراون و ٩١ کەسی دیکەش بریندار بوونە.

سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆربەی کوژراوەکان خەڵکی سڤیلن و لەئاکامی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئەمریکاوە گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ژمارەی قوربانیەکانیش لەوە زۆر زیاترە کە هێزەکانی ئەمریکا ڕایدەگەیەنن، تەنانەت لەو هێرشانەدا چەندین سەربازی ئەمریکیش کوژراون و باسیان لێوە ناکرێ.

هێرش و پەلامارەکانی هێزەکانی ئەمریکاو عێراقی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی سوپای مەهدی لەژێر ناوی شەڕی لە یاسا دەرچوان و تێکدەران بەڕێوەدەچێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هێزەکانی ئەمریکا بە فڕۆکەی جەنگی گەڕەکەکانی شار بۆردومان دەکەن، رای گشتی و وڵاتان نیگەرانن و پێیانوایە کە خەڵکی سڤیل قوربانی یەکەمین و سەرەکی ناکۆکیەکانن و هەر ئەوانیش زیانیان پێدەکەوێ، بۆیە داوا دەکرێ کە بۆردومانەکان رابگیرێن.

## عێراق بەوڵاتی مەترسیدار بۆ ڕۆژنامەوان دەمێنێتەوە

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری ڕۆژنامەوانی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا دەڵێ لە ساڵی ٢٠٠٧دا زیاتر لە٩٣ ڕۆژنامەنووس کوژراون و ژمارەیەکیش بریندار بوونە، یان هەڕەشەی مەرگیان لەسەر بووە.

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی FP، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری ڕۆژنامەوانی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە سەبارەت بە ئازادی ڕۆژنامەوانی لە جیهان بڵاوی کردۆتەوە، وێرای ئەوەی ئاماژە بە قوربانیانی ڕۆژنامەنوسی لە ساڵی رابردوودا دەکات، هەروەها مەترسیدارترین وڵاتی بۆ ڕۆژنامەوانانی دیاریکردووە.

بە پێی ئامارەکانی ئەم ڕاپۆرتە، تەنیا لە ساڵی رابردوودا بە هۆی شەرو پێکدادانەکانی عێراق، ٥٢ ڕۆژنامەنووسی کوژراون و پاکستان، فیلیپین، سریلانکا و ئەفغانستان مەترسیدارترین وڵاتانی ئاسیا بۆ ڕۆژنامەنووسان بووە، بەڵام بەو پێیە عێراق ئەمساڵ بە مەرتسیدارترین وڵات بۆ ڕۆژنامەوان لە سەرووی وڵاتی جیهاندا ماوەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیە کە ئەمریکاو حکومەتی بەغداد سەبارەت بە ئازادی لە عێراق دەیکەن.




## پارتی و یەکێتی لەسەر کابینەی نوێ رێکدەکەوتن

سەرچاوەکان ئاشکرایان کرد کە لە دواین کۆبوونەوەی نێوانیاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دابەشکردنی وەزارەتەکان ڕێککەوتن، بەوهۆیەوە وەزارەتی دارایی بەمەرجی ئەوەی شێخ بایز تاڵەبانی وەزیر بێ و جێگرێکی هاوشێوەی پارتی هەبێ لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بە یەکێتی دەدرێ، لەبەرانبەردا وەزارەتی وزەو ناوەخۆش بە پارتی دەدرێ.

دوای ئەوەی هەردوولایەن لەسەر وەدەستهێنانی وەزارەتە گرنگەکان ڕێککەوتن، چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوویەکی زوودا کابینەی نوێ پێکبهێنرێ و سوێندی یاسایی بخوات.

هەر بەپێی ئەو ڕێککەوتنە چەند وەزارەتێک بۆ حزبە هاوپەیمانەکانیان دەهێڵرێتەوە، بەڵام نازاندرێ کە ئایا ئەوان بەو وەزارەتانە رازی دەبن یان نا، بەتایبەتیش کە باس لە وەزارەتی هەرێم بۆ حزبەکان دەکرێ.

## ڕۆژەڤ

ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ خۆیدا مژدەیێکی خۆشی بۆ هەژاران نەهێناوە، نرخی خۆراک بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، بەوهۆیەوە برسێتی و هەژاری زۆرتر بووە، بەشێوەیەک پەرەی گرتووە کە هەڕەشەیێکی ئاشکرا لە داهاتووی مرۆڤایەتی دەکات. تەنانەت حکومەتی هەندێ وڵات دەستیان بە تۆمارکردن و ناونووسینی بنەماڵە هەژارو برسیەکان کردووە، لەهەندێ وڵاتی دیکەشدا برسی و هەژاران لە دووڕیانێکدا راوەستاون، یان دەبێ چاوەڕوانی مەرگی هێواشی خۆیان بکەن یان پەلاماری سامانی دەوڵەمەندان بدەن و پشکی خۆیانیان لێ بسێنن، لەم بەستێنەشدا هەژارانی وڵاتێک پەلاماری کۆشکی کۆماریان داو داوای خواردنیان کردو لێیانخواستن کە سامانی سەرۆک و بەرپرسان بەسەر هەژارو برسیەکاندا دابەش بکرێ.

هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی پارووی ژیان خواستی دێرینەی مرۆڤە، هەر لەکۆنەوە بۆ تێرکردنی برسی و هەژاران ڕێگەی جۆراوجۆر گیراوەتە بەر، لەهەندێ وڵاتدا سیستەمی بیمەی بێکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی جێگیر کراوەو برسێتی کۆتا کردووە، بەڵام لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا ڕۆژ دوای ڕۆژ دیواری نێوان بەرپرسان و خەڵک بەرزترو ئەستوورتر دەبێتەوە، ئەمەش ناکۆکی و رکابەری دروست دەکات، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە دزی و گەندەڵی جەستەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دادەڕزێنێ، ئێدی جەماوەر بێئومێد دەبێ و ڕێگەی تێکۆشانی دژوار هەڵدەبژێرێ و مافی سەندراوی وەردەگرێتەوە.

ئەگەرچی لە کوردستانی خۆشماندا نرخی خۆراک و کەلوپەل بەرزبۆتەوە، وشکەساڵیش بۆتە سەربارو گورزی خۆی لە جووتیاران و هەژاران دەوەشێنێ، بەڵام هێشتا ڕێژەی برسێتی نزمە، ئەگەرچی دیواری نێوان بەرپرسان و جەماوەر زۆر هەڵچووەو زۆریش پتەوبووە.

خەڵکی کوردستان هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە تێکۆشەرانی دوێنێی ڕێگەی کوردایەتی، لە سەردەمی گەیشتن بە فەرمانڕەوایەتیدا هێندە پەرۆشی سامان کۆکردنەوەو خۆدەوڵەمەندکردن دەبن، بەڵام ئێستا کە بەرپرسان و کەسە نزیکەکانیان بەشێوەیەکی سەیرو بەرچاو سامانیان کۆکردۆتەوە، خەریکە سەرتاپای کوردستان لەسەر ناوی ئەوان تاپۆ دەکرێ، ئێدی جیاوازیەکان زەقتر بوونەتەوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانیش هەزاران سەرمایەدارو سەدان ملیۆنێر پەیدا بوونە، هیچ لۆژیک و لێکدانەوەیەکیش ناتوانێ باوەڕ بە خەڵک بهێنێ کە ئەوانە لەرێگەی ڕەواوە کۆکراونەتەوە.

گەشەی ئابووری ڕەوتی ئاسایی خۆی هەیە، بەڵام بازدان و هەڵتۆقین پەسند نەکراوە. هیچ بازرگان و سەرمایەدارێکیش ناتوانێ لە شەووڕۆژێکدا دەیان هەزار دۆلار پاشەکەوت بکات، کاتێک دیاردەیێکی لەو شێوەیە بەرچاو بکەوێ، برسی و هەژارانی وڵات بە چاوی نەیارو دوژمنەوە لێیان دەڕوانن، بەمافی ڕەوای خۆیان دەزانن لە دەرفەتێکدا لێیان بسەننەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com